## بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا

نووسینی: تاهیر عەلیار

## خوێندن و خوێندنگە لە بۆکان (٧-٥)

*[[ لە سەرەتای دەست بەکارکردنی ماڵپەڕی بۆکان، بەشێکی تایبەت بە خوێندنگاکانی بۆکان تەرخان کرابوو، کە ئەو دەم واتە ١٥ ساڵ بەر لە ئێستا هەم دەستکەوتنی زانیاریی و پێوەندیگرتن لە گەڵ خەڵکان چەتوون بوو، هەم لاکردنەوە لە بابەتێکی وا لە لایەن زۆر کەسەوە بە گرنگ نەدەزاندرا، ئێستا پاش تێپەڕبوونی ئەم ساڵانە و بوونی ئینترنێت و ڕێگاکانی پێوەندی و هاسانبوونەوەی ناردنی بابەت و هەست بەبرپرسیاریکردنی زۆرتر لە مەر زانیاریی بەخشین، ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات- بۆکان لە چوارچێوەی پرۆژەی "بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا" جارێکی دی ئاوڕ لەو بابەتە دەداتەوە و بەرپرسانی پڕۆژەکە هیوادەخوازن لە گەڵ پشتیوانییەکی زۆری خەڵک بە تایبەت ئەوانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان پێوەندیان بە خوێندنگاکانەوە هەبووە، وەک خوێندکار، موعەلیم و دەبیر و کارمەندی ئیدارەی فێرکردن و بارهێنان و هەروەها وەک دایک و باوکی منداڵان و خوێندکاران بابەتەکانی خۆیان بۆ ماڵپەڕەکە بنێرن. بیرەوەری، بەڵگەنامە، وێنە، فیلم و هەر چەشنە زانیارییەک کە بگاتە دەست بەرپرسانی پرۆژەکە بە شێوەی شیاو بڵاو دەکرێتەوە. مەدرەسە لە شاری بۆکان بە تەنیا شوێنی خوێندن نەبووە بەڵکوو شوێنی چالاکی هونەریی، فەرهەنگی، وەرزشی، ڕۆژنانەنووسی و شوێنی چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبیش بووە. باسکردن لە هەرکام لەو لایەنانە، کۆکردنەوەی زانیارییەکی دەوڵەمەندە کە جێگا و پێگەی شارەکە لە سەردەمەکاندا نیشان دەدا. هاوکاری هەرکەس جێگای ڕێز و پێزانینی ئێمەیە]] بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا* redaktion@rojhalat.de

## خوێندن و نووسین لەناوچەی بۆکان لەبیرەوەریەکانی عەبدوڵا ناهید(افتخار) دا.

(باس لەسەر خوێندن و فێربوون لەناوچەی بۆکان لەکتێبی (خاطرات من) دا بەش بەش و جیا لەیەک هاتۆتەگۆڕێ . ئەو بەشەجیاوازانەلەنیو کتیبەکەدا کۆکراونەوەو و پیکەوەلکێندراون و ئەو نووسراوەی لێ دەرهاتوە. کتێبەکەبەفارسی نووسراوەو لێرەدا کردوومانەتەکوردی.)

عەبدورەحمان بەگ کەیەک لەبەگزادەکانەلەدەورووبەری ساڵی 1250ی ە. ق ژیاوەلەزەمانی حکوومەتی عەوڵاخانی موکری لەسابڵاغ ، کەدەکەوێتەسەرەتای سەلتەنەتی محەمەدشای قاجار. ناوبراو کەسێکی بەسەروزمان و دنیادیدەبوەکە جەندجار لەلایەن عەبدوڵاخانەوەئەرکدار کراوەو ناردراوەتەتاران بۆلای وەزیری گەورەحاجی میرزا ئاقاسی و بۆ دە رباری محەمەدشا. عەبدوڕەحمان بەگ سێ کوڕی هەبوەکەیەکیان فەیزوڵابەگ و یەکیان کەریم بەگ و سێهەمیان کە دایکی ترک بوەنێوی سوڵتان بەگ بوە. کەریم بەگ لەسەردەمی لاویدا کوژراوەوسوڵتان بەگیش چونکەلەکاتی فەوتی بابیدا منداڵ بوەنێوبانگێکی پەیدا نەکردوە. عەبدڕەحمان بەگ پێش فەوتی، خاوەنی سێ پارچەمڵک بوەکەباغچەو ساروقامیشی داوەبەکوڕی چکۆڵەی خۆی سوڵتان بەگ و تیکان تەپەی داوەبەفەیزوڵابەگ کەکوڕی گەورەی بوە. کوڕە کانی عەبدوڕەحمان بەگ عەرەبی و فارسیان زانیوەو عیلم دۆست و زانست پەروەر بوون. لەئاواییەکانی خۆیان مزگە وت و مەدرەسەیان دروست کردوەوسەرنجی خەڵکیان بۆ خوێندن و فێربوون راکێشاوە. فەیزوڵابەگ نزیک پەنجا ، شێست پارچەمڵکی کڕیوەو سامانێکی زۆری پێکەوەناوەهەروەها خاوەنی 10 کوڕ و چەند کچ بوە. کوڕەکانی جیا لەکە یخەسرەوبەگ خاوەنی سەوادی عەرەبی و فارسی بوون وەکوو حاجی سەلیم خان و ئەمانوڵابەگ موتەخەلس بەشەیدا و عەبدوڕەحمان بەگ کەئەدیب و دانشمەند و نووسەر بوون و دیوانی شیعر و سەفەرنامەو نووسینی دیکەیان بەیادگار لە پاش بەجێ ماوە.

فەیزوڵابەگ و کوڕەکانی لەتەواوی ئاواییەکانی خۆیاندا دەستی عالمان و زانایانیان دەگرت و بۆ پەرەپێدانی عیلم و زانست پشتیوانیان لێ دەکردن. لەزۆربەی دێهاتەکەیان مەدرەسەیان دروست کردبوو و منداڵانی ئاواییەکانیان دەبە رخوێندن نابوو و کچەکانیان دەناردەکارگەی فەڕش چنین و فێری ئەو سەنعەتەزەریفەیان دەکردن. بابی من کەشێربەگەو خاوەن مڵکی سڵێمانکەندیەلەزەمانی خۆیدا مەدرەسەو کارگەی فەڕش چنینی لەسڵێمان کەندی دایر کردبوو و مودەڕیسی مەدرەسەکەمەلا عەبدوڕەحمانی کۆیی بوو کەبێجگەلەزانستی عەنقوول و مەنقوول ئەدیب و شاعێرێکی تەواو بوو. مە

جلیس و مەحزەری شوێنی کۆبوونەوەی عولەما و زانایان بوو . بۆخۆشی لەحازرجوابی و خۆشکەلامیدا لەسەردەمی خۆیدا بێ هاوتا بوو.

حەوت ساڵانەبووم کەناردمیانەمەدرەسەی ئاوایی کەبۆ دەرس کوتن بەمنداڵی گوندیەکان دروست کرابوو. خوێندنی من بریتی بوو لەفێر بوونی کتێبی شیعر وەکوو غەزەلییاتی حافز و قەسایدی سەعدی و کتێبەکانی گولستان و کلیلەو دەمنە. هاوکەلاسیەکانم لەماوەی سێ ساڵدا هەرکام بەبیانوویەک مەدرەسەیان بەجێ هێشت بەبێ ئەوەی تەنانەت فێری فارسی بووبن. شتێک کەهەمیشەبیرم لێدەکردەوەئەوەبوو کەهەر شتێکی باشی کەدەمدی و دەمپرسی ئەوەکێ دروستی کردوەدە یان کوت فەرەنگیەکان ، دەمپرسی ئەو هەموو سەنعەت و کارەباشەلەکێ فێربوون ، دەیانکوت خوێندوویانەو فێری بوون. کاتێک لەناوەرۆکی دەرسەکانی خۆم دەفکریم و تەنانەت رادەی زانستی مامۆستاکانمم هەڵدەسەنگاند غەیری قسە ی مفت هیچی دیکەم تێدا بەدی نەدەکرد. هەستم دەکرد کەسەنعەتکاری و دانیشمەندی لەو شوێنەی کەمنی لێ دەژیم ولە گەڵ ئەو دەرسەی من دەیخوێنم دوو شتی دژ بەیەکن. قەت نەمدی زاناترین مەلاکانیش بتوانن بەرهەمێکی پیشەیی دروست بکەن یا لانی کەم سەرەندەری لێ دەرکەن. بۆیەهەرچی گەورەتر دەبووم و فامم دەکردەوەزیاتر لەو خوێندنەی خۆم بێزار دەبووم. توندو تیژیی مامۆستاکەم کەبەفەرمانی بابم دەجووڵاوەجاڕزی کردبووم. پێش تاوهەڵات دەبا لەمەدرە سەبم و تا نزیک ئێوارێ لەو زیندانەپیسەدا بمێنمەوە. دەرسێکی کەمامۆستاکەم پێی دەکوتم فەوری رەوانم دەکرد و چەند لاپەرێکیشم کاغەز وەکوو مە شق رەش دەکردەوەو هیچی دی و دەبا تا تاریکان لەو ژوورەتەنگەبەرەو لەو هەوا پیسەی دا بمێنمەوە. غەیری پاش نیوەڕۆی رۆژەکانی جومعەلەسەراسەری ساڵدا یەک رۆژ تەعتیل نەبووین و دەبوو هەر بخوێنین . ئەو ژیانەتاقەت پڕووکێنەو ئەو بەرنامەغەڵەتەبەتەواوی تەمبەڵی کردم و وا لەخوێندن و ئامڕازی خوێندن و سەروسیمای دزێوی مامۆستا بێزرابووم وەکوو شێتانم لێهاتبوو. ئێواران کەلەو جەحەندەمەنەجاتم دەبوو و هەوای ئازادم هەڵدەمژی و دەهاتمەنێو منداڵەورتکەی ئاوایی وەمدەزانی هەموو خۆشیی دنیام وەبەرکەوتوە.

تەنیا خۆشیەکانی ژیانم ئەو کاتانەبوو کەبابم دەچوەسەفەر یا لەگەڵ یەک لەخانمەکانی بنەماڵەکەمان دەچوومەسەفەر و لە دەست ئەو خوێندنەناخۆشەچەند رۆژێک نەجاتم دەبوو . بەعزەجارێک کەلەدەست ئەو ژیانەتاڵەو ئەو خوێندنەهەڵەیەوەدە نگ دەهاتم ، دەیانکوت ئەتۆ منداڵی نازانی و ئەگەر گەورەبووی قەدری ئەو رۆژانەدەزانی.

ئێستاش کەلەتەمەنی چل ساڵیدا ئەو شتانەدەنووسم هیچ بایەخێک بۆ ئەو رۆژانەدانانێم چونکەئەو رۆژەی لەمەدرەسە هاتمەدەرێ تەنانەت دێڕێکیشم بۆ نەدەنووسرا . ئەگەر ئەمنیان بەمە درەسەیەکی دروست ئەسپاردبا و بەشێوەیەکی حیسابی فێریان کردبام زۆر لەوەی کەبووم و هەم باشتر دەبووم. دوای ئەوەی لەو مەدرەسەیەنەجاتم بوو هەرچۆنێک بوو هێندێک کتێبم پەیدا کرد کەبەدڵی خۆم بوون و بۆخۆم دەستم بەخوێندن کرد تا وردەوردەزەینم کراوەو دوای حە وت هەشت ساڵ توانیم نامەبۆ دۆستان و رەفیقان بنووسم.

ماوەی حەوت ساڵ لەباشترین رۆژەکانی تەمەنی من لەو جەهل خانەیەدا گوزەرا . چ خەسارێکی گەورەیە. چ زیانێکی بێ قەرەبوو کردنەوەیە. ئەمن چ گوناحێکم کردبوو کەمەجبوور بەتوووش هاتنی ئەو زەرەرەگەورەیەبووم. ئەو رۆژەی پێیان کوتم ئیدی مەیەمەدرەسەچ رۆژێکی مەبارەک بوو . ئێستاش شیرنی ئەو مزگێنیەلەناخم دا ماوەو دەنگی ئەو ئاهە نگەخۆشەلەگوێچکەم دا دەزرینگێتەوە.

دەمزانی کەمەدرەسەی باش و تەحسیلاتی باڵا هەیەبەڵام بەداخەوەدەستم پێی ڕاناگا. رۆژێک بابم ئیرادی لەبێ عەلاقەیی من سەبارەت بەخوێندن گرت و لۆمەی کردم ، لەوڵام دا کوتم کەخوێندنم زۆر پێ خۆشەبەڵام لەو شێوەخوێندنەبەگلەییم و دڵم بەخوێندنی دیکەو شێوەفێر بوونی دیکەوەیە. سەری هەڵێنا و کوتی ئەو خوێندنەی ئەتۆ دەتەوێ لێرەدەست ناکەوێ ومنداڵێکی وەک تۆش بۆوەی نابێ بچێ لەخاریج بخوێنێ . کوتم بۆ نابێ؟ خۆ لەخاریج پیاو ناخۆن . کوتی کەوایەساڵێ دووهەزارتمەنت دەدەمێ لەهەر جێگایەکی پێت خوشەلەوێ بخوێنەولەفکری ئامادەکاری سەفەرەکەت دابە. ئیدی لە خۆشیان پێم وەعەرزی نەدەکەوت .

حەوتوێکی پێ نەچوو بڵاو بۆوەکەمن لەداهاتوودا دەچمەخاریج بۆ خوێندن. هێندێک دۆستی بنەماڵەو چەند کەسێک لە خزمان کێچیان لەکەوڵی کەوت و لەدەوری بابم کۆ بوونەوەو لەبەرچاوی خۆم دەستیان کرد بەقسەی پڕوپووچ کەبۆ ئیجازەدەدا کوڕەکەی بچێتەخاریج و لەوێ کافر بێ . بابم داکۆکی لەبڕیارەکەی خۆی کرد و منیش پێم کوتن کەکافر نابم و بەو قسانەپێشی بەختەوەری من مەگرن، بەڵام سوودی نەبوو. ئەوان لەبەریان گران بوو کەسێکی تەحسیل کەردە لەفە

ڕەنگ بێتەوەوخەڵکیان لێ تێ بگەیەنێ کەئەو تەنگەئەستوورانەیان غەیری با و بڤ چی دیکەی تێ دانیە. بابمیان پە شیمان کردەوەو ئەمنیان ماڵوێران کرد. دەستم لەخوێندن هەڵگرت و پێنج ساڵی ڕەبەق بەبیهوودەیی گوزەراندم. دوای ئەو ماوەیەلەسەر داوای میرزا حەسەنی سەیف (سیف القضات) برای مەرحومی قازی عەلی، بابم بۆ درێژەدان بەخوێندن ناردمیەسابڵاغ. مەرحومی قازی عەلی و ئاغای سەیف هەردووکیان دەگەڵ ئێمەخزمایەتیان هەبوو. هەردووکیان زاوای ئێمەو دووپووری من خێزانی وان بوون. مەرحومی قازی عەلی لەوئینسانانەبوو کەوێنەیان کەم پەیدا دەبێ. لەعولوومی عەنقوول و مەنقوول دا لەکوردستان دا بێ هاوتا بوو. ڕووناک بیر و نوێخواز و خاوەن ڕەوشتی بەرز بوو. بێ ئەندازە بەسەبر و نەرم ونیا و ڕووخۆش بوو. قەت تووڕەیی و توند و تیژیت پێوەنەدەدیت. ماوەی حەوت مانگ کەمن میوان و شاگردی ئەو بووم هەر چەند کەعەلاقەیەکم بەعولوومی ئەو زەمان نەبوو دیسانیش بەهرەیەکی زۆرم وەرگرت. دەگەڵ کوڕەکانی ، میرزا محەمەد(1) کەئێستا قازی مهابادەومیرزا ئەبولقاسمی سەدر کەهەردووکیان پوورزامن و ڕووناکبیرن زۆر خۆشمان ڕادەبوارد.

ئەوەی لەلای مەرحومی قازی خوێندم (صرف امیر) عەرەبی، سەرف و نەحو، تەقویمی ڕەقەمی، کەچونکەنوسخەکانی نایاب بوو زوو لەبیرم چۆوە، و کەمێک جوغرافیابوو. لەماوەی مانەوەم دا لەمهاباد زۆرم هەوڵ دا کەسێک پەیداکەم دە رسی فەڕانسەیا ئینگلیسیم پێ بڵێ . کەسێکم پەیداکرد نێوی دوکتور سولەیمان بوو کەئەرمەنی بوو و هاتبوەمهاباد و حازر بوو فێری ئینگلیسیم کا بەڵام بەدوو هۆوەنەمتوانی زۆری کەڵک لێ وەرگرم. یەکیان ئەوەی زمانی یەکترمان نەدە زانی ، دووهەم ئەوەی لەدوو سێ مانگ زیاتر لەمهاباد نەماوە. بەڵام هەرچۆنێک بێ ژیانی مهاباد بۆ من بەقازانج بوو و بەو حەوت مانگەی ئەوێ لەحەوت هەشت ساڵەکەی کەچووبوومەمەدرەسەڕ سوود تر بوو. بەڵام ئێستاش نەمدەتوانی نامەی ڕێک و پێک بۆ دۆستەکانم بنووسم. ئیدی ماوەی مانەوەم لەمهاباد تەواو بوو وماڵاواییم لەمەرحوومی قازی و کوڕەکانی کرد و گەڕامەوەماڵی خۆمان.

1: مەبەستی قازی محەمەد(پێشەوا) یە

**درێژەی هەیە ...**